کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 30-5-2007 1:30

# ئایا گەنج بی بەرنامه یه یان حکومەت بی پرۆژەیه ... سەمیر حسین

لەوانەیە هەندیك قورس بیت قسەكردن ئەمرۆ لەكوردستان دا لەسەر دیاریكردنی هەرشتیك وه بریاردان سەدەرسەد بەسەر هەرشتیك دا بەتاییەتی لەم بارودۆخەی ئیستادا كەهەمو كەس بەشی ئەوه بەلگەی پی یه كه قسەدەكات بەلام من مەبەستم ئیش كردنی حكومەت و ئەو بەرنامەیه یه كه پیویستە هەبیت بۆ ئەمرۆ و بۆبەیانی و بۆ نەوەكانی داهتوو. ئەوەی كه من دەمەویت باسی بكەم ئەركی حكومەت و دەسەلاتە بەرام بەر بە و ئەركە ئەخلاقیو واجبانەی كەدەكەویتە سەر شانی.



پیش هەموو شتیك پیویستە دەسەلات ئەوه باش بزانیت كەئەركی ئەو قسەكردن و كۆمەلیك بەڵگەهینانەوەی بیمانا نیە بۆئەوەی كەبۆچی ناتوانیت ئەركەكانی راپرینیت شتیك كەگرنگە ئەوەیەلەم حكومەتە كوردیە دا كە بەهیچ شیوەیەك دان نانیت بەهەلەكانیان دا بەلك و رۆژبەرۆژ دلرەقترو وه بیبەرنامەتردەبیت وه رۆژبەرۆژ شیوەی كاركردنایین بەرەو خراپی و هەلوەشاندنەوه دەچیت، ئەگەر هەركەسیك هەندیك بەوردی سەیربكات زۆر زوو هەست دەكات و تیدەگات كەكاری ئەم دەسەلات لە حكومەتیكی كاتی و حكومەتیك كەخۆی بەخاوەنی مەسەلەكەنازنیت دەچێت. زیاتر ئەوەی كەدەمەویت باسی بكەم ئەوبەرنامەیەیە كەحكومەتی كوردی هەیەتی بۆگەنج ئایاگەنج ئەو ئەركەچیە كە لەسەر شانیەتی بۆ كاركردن لەگەل حكومەت دا ئایاحكومەت هەلی كاركرنی رەخساندوه ئایاگەنج لەژیر ئەم سیستەمەدا گرفتی ئابوری نیشتەجیبون گرفتی سیاسی ئابوری كۆمەلایەتی نیە؟ ئایا گەنج لەروی دەرونیە وه چەندە دلخۆشە یان چەندە ئارەزوەكانی هاتونەتە دی ئەگەر هەست بەخۆشبەختی ناكات خەتای كی یە؟ئایا گەنج هیچ پیوەریكی نەماوه ئایا چەند گەنج لەم حكومەتە رازین لەشیوازی كاركردنیان لە بەرنامەو ئیشكردنیان ئەگەر سەیربكەین دەبینین ئەوگەنجانەی كە ئەمرۆ زیاتر دەتوانن بژین و تارادەیەك ژیانیان بۆ دابین كراوه مندالی دەولەمەندەكانن یان بەرپرسەكانن، بەلام ئایا لەكوردستان دا هەرئەوانە هەن جگەلەوانە ئیدی گەنجەكانی تر هەموو یان لەبارودۆخیكی زۆردژوارو سەخت دادەژین بەجۆریك كه بەراستی هیچ جۆره ریگەچارەیەكیان نیە، بۆیە دەبیت حكومەت بەرنامەی هەبیت، سەیره ولاتانی دنیا بەرنامەی پەنجا سالی داهاتویان هەیە كەچی ئەم حكومەتە تەنانەت بەرنامەی شەشە مانگیشی نیە و زۆر سەیره كاتیك ئەم دەسەلاتە دەبینیت بیزاردەبیت لە حكومەت. بیبەرنامەی و هەركەسەو بۆخۆی تیك چوو و بیپەیوەندی كەس بەكەسەوەنیە هیچ كەس ناتوانیت لەهیچ كەس بپرسیتەوه پرلەكیشە حكومەتیكی تیكەل و پیكەل حكومەتیك تەنیا بۆ خەلكی هەژار و داماوەكان یاسای هەیە حكومەتیكی پارەخۆرو بیبەرنامە ئەگەرسیستەمی سیاسی هەرولاتیك دامەزراوبیت تاكی ئەوولاتانە هەست بەخۆشبەختی دەكەن. بەلام ئایا لیره بەرپرسەكان لەهەموكەس

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بیزارتر نین ئایا پەرپرسەکان لەخەمی چیدان من پیم سەیرە بەوشیوەیە کاردەکەن نازانم بەتەمای چین بۆناتوانن کیشەی سی ملیۆن کەس چارەسەربکەن لەکیشەسەرەتایەکان.

ئەو هەموو پارەیە ئەو هەموو حکومەت و وەزیرە ئەو هەموو بەرپرس و بەریوەبەرە کەچی رۆژبەرۆژ ئازارەکان زیاتر دەبن وەرۆژبەرۆژ حکومەت بیبەرنامەتردەبیت لەبەرئەوە گەنج لەناو ئەم هەموو ململانی سیاسی بیبنەمایەو لەنیوان ئەم میرنشینانەو لەنیوان ئەم بەرپرسە تورانە ناتوانیت هەست بەخۆشبەختی بکات، ئەمانە لەبیریان چوەتەوە خەلك هەلی بژاردوون ئەمانە لبیریان چوەتەوە کە چارەنوسی دەسەلاتی نادادپەروەر بەرەوکۆی وە چون باوەرناکەم هیچ کەس هەبیت لەم دنیایەدا ئەوەندەی ئەم سەرکردانەی ئیمە هەلگەرانەوەو ئینقلاب و تیك چپونی دەسەلاتەکانیان نەبینیبیت ئایا ئەمانە بیرناکەنەوە کە بەیانی چارەنوسیان بەرەوکۆی وەدەچیت ئەمانە بەیانی خەلك لیان دەپرسیتەوە نازانن کە خەلك ژیانی دەویت پەرلەمانی مردوو وەزارەتی بی ئیش و حکومەتی کارتۆنی ناویت، نازانن کە ئەوانە خزمەت کارن نەك بەرپرس و ئەوانە دەبیت کاربکەن بۆ میلەت دەبیت خزمەت بکەن ئەرکیان لەهەمووکەس قورسترە ئەوشوینەی کەئەوان دلیان پیخۆشە هی ئەواننیە بەلکو خاوەنەکەی ئەومیلەتەیە گەنج لەوەتورەیە کەئەمرۆ لەژیر و ئەم دەسەلاتە بیزارەیەدا هەست بەناعەدالەتی و بیئارامی دەکات. حکومەت لەبەردەم بەرپرسیاریەتیکی گەورەیە دایە دەبێت شتەکان بخاتەوە شوین خۆی ئەگەرسەیری کوردستان بکەین دەبینن. ئەوسیسستەمەی کەتییدایەتی سیستەمێکە تیك چوە کێشەی گەورە لەوەدایە ئەم بەرنامانەی کەئەمرۆ کاری لەەسەردەکرێت کاری بەبەرنامەنیە کاری پەلەیە کارێکی تیك چوە حکومەت و پەرلەمان و دەسەلات دەبێت ڕێگاچارە بدۆزنەوە بۆگرفتەکان چارەسەری بەپەلە چارەسەری بەبەرنامە دەبێت حکومەت خۆی لەبەرپرسیاریەتی دا ببینێتەوە نابێت حکومەت چاوەری ئەوەبکات کەگەنج چی بکات یان خەڵك چی بۆ هەیە ئەوەی کەگرنگەو وەدەبێت قسەی لەسەربکرێت حکومەت هەموو پێداویستیە بنەرەتیەکانی هەیە بۆ بەرنامە تەنیا بریاریان دەوێت بریاری ژیرانە بریاری عاقلانە بریارێك بتوانێت گرفتە هەنوککەیەکانی ملەت چارەسەربکات ئەوەی کەهەیە لەهەموودنیادا هەرئەوەیە.

ئەگەربەم شێوەیەکاربکرێت من وادەزانم حکومەت لەبەردەم ناعەدالەتیەکی گەورەدایە بەوەکارەکان چارەسەرناکرێت تەنیا بەشێك لەکێشەکان چارەسەربکات چونکە لەبنەرەتدا کیشەکان تێك چوون ئەوەیە بنەمای کێشەکە دەبێت شتەکان بخرێنەوە شوێن خۆیان گومانی تێانیە من نامەوێت باسی کێشەکان بکەم دەمەوێت زیاترباسی ئەومیکانیزمانەبکەم کەبنەمای مەسەلەگرنگەکانن، پەرتەوازەی خۆش باوەری بێسەروبەری حیزبایەتی ناتوانیت لەبریارداندا رۆلببینیت، تیك چونی ژیان هەرکەس ئیشی خۆی ناکات دەبێت شتەکان رێك بخرێنەوە شتەکان بەرنامەیان بۆدابرێژرێت لەم ولاتەدا هەمووماان بوینەتە سیاسی و موحەلیل هەمووماان خەریکی یەك شتین ئەم هەمووبارەگاو شۆینە حزبی و ناوچەحکومی سەندیکاو کۆمەلەو دامەزراوە سەقەتانە ناتوانن چارەسەری گرفتەکان بکات چونکە ئەو ئەوشتانە بۆ مەبەستی خۆیان دانامەزرێن پارەیەکی زۆربەفیرۆ دەچێت بیمانا.

بەم شێوەیە بەبۆچونی من حکومەت خۆی دەخاتە ناوگرفتێکی زۆرگەورەوە دەبێت بزانێت چۆن پارەخەرج دەکات ئەبێت بزانێت چۆن گەنجەکان دەخاتە سەرکار گرفتی گەنج بەوە چارەسەرناکریت کە کۆمەڵك لایەنی کەمی گەنج چارەسەربکات، بۆیە لێرەوە گرفتەکان دروست دەبن دەبێت ئەم حکومەتە خۆی لەتەنگەژەیە رزگاربکات کە تی کەوتوە دەبێت وازبێنێت لەشتی بێماناو لەسەرشتی پروپوچ ئەوشتانی کە ئەمرۆ دەگوزەرێت کارکردن نیە بۆدامەزراندنی کۆمەڵەیگەیەکی خۆشبەخت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دامەزراندنی ئەوسیستەمەی کە گرنگە بۆ گەنج و بۆنەوەی نۆی، ئەم کارکردنە بێمانایەنیە کە ئەمرۆحکومەت ئیشی لەسەردەکات ئەوەی کەجێگەی باسەو پێویستە قسەی لەسەربکەین وەدەبیت حکومەت ئاگاداری بێت گەورەترین گرفت ئەمرۆ کەروبەرروی ئەم دەسەلاتەبوەتەوە زۆری پارەو نەبونی عەقڵێکی بەبەرنامەیە ئەو عەقلەی کە ئەمرۆ حکومەتی کوردی و ئەم حیزبانە ئیشی پێدەکەن لە عەقلێکە مافیا دەچێت کوردستان بەرەو ویرَنەی دەبات، دەبێت زۆر زوو حکومەت فریای خۆیو ئەم بارودۆخەبکەوێت چونکە دبێت ئێمەباش ئەوەبزانین کە ئەمریکاو ئەوبارودۆخەی کەئەمرۆهاتوەتەپێشەوە بارودۆخێکی نائاسایە،

دەبت حکومەتی کوردی کاربۆدوای قۆناغی ئەمریکابکات نەك بۆتێکچون چونکە هەمووشتەکان ئەوە دەخەنەروو زۆر مەسەلەکان بەرەوتێك چون دەچن دەبیت پارتی و یەکێتی واز لەکۆمەڵیك شتی بێمانابێنن تەنیا پارەی دەعوەت و دەزگا نهێنیاکانیان کەبۆکۆمەڵیك شتی بی ماناخەرج دەکەن وە ئەوپارەیەی کەلەبیبەرنامەیی و بی مانای و لەرێگەی دزینەوە بەهەدەردەچَیت، دەتوانرێت

تەرخانی بکەن بۆ چارەسەرکردنی گرفتی گوندەکان کێشەکانیان چارەسەردەبَت زۆرگەنج هەیە حەزی لەئیشی زانستی یە حەزی لەکارگەیە لەئاژەلە لە باخ و باخاتە لە کشتوکالە لە پرۆژەی کارو کەسابەتە لەوبوارەی یە کەبۆی فەراهەم نەکراوە ئەوەی کەئەمرۆ بەرچاو دەکەوێت لەکوردستان دا کەگەنج کاری لەسەردەکات یان مامۆستایە یان کاری حزبی و ریکخراوەیە یان فەرمانبەرێکی بێزارە کەتامردن رقی لەخۆشی دەبێتەوە زۆرلەلایەنەکانی ترمردوون حکومەت دەتوانیت بەبەرنامەیەکی زۆرباش و کورت چارەسەی گرفتەکانیان بکات.

من وادەزانم ئەوبارودۆخەی کەئەمرۆ هاتوەتە پیشەوە لەشەری ناوخۆ گەلێك خەتەرناکترە دەبێت حکومەت بەبەرنامەی باش نەك بەپارەی زۆر نەك بەململانی بێمانا کە لەبچوکترین شۆێنەوە بییگرە تاکو دەگاتەپەرلەمان وسەرۆکایەتی هەرێم وتاك دەگاتە ناو مەکتەبی سیاسی حیزبەکان خەریکی ململانی ناشەریف و شتی بێمانان، کەس خەریکی کاری خۆی نیە هەمووکەس خەریکی گلەی کردنە بەرپرسەکانی سەرەوە لەهەمووکەس زیاتر بیزاری رەوشەکەن هەمووشتەکان بونیان هەیە تەنیا عەقل غیابە لێرەدا تەنیا پرۆژەی باش و بویرانە نیە تەنیا تەبای نیە ئەوەی هەیەناکۆکی یە ئەوەی هەیە رفاندن و گیرفان پرکردنە ئەوەی هەیە خۆژیاندنە ئەوەی کەهەیە نەمانی بڕواو بی متمانەیە بەیەکتری ئەوەی کەهەیە پرۆژەی لەناوبردنی عەقلی گەنجە من نەمبینیوە حکومەت گلەیبکات.

هەموودنیاوایە خەلك خەریکی ژیانی تایبەتی خۆیەتی و حکومەتیش بەپاڵ پشتی کەسانی شارەزاو پسپۆرو کەسانی ئەکادیمیو وەزارەتەکان خەریکی چارەسەرکردنی گرفتەکانی ولاتە. پیویست بەوەناکات پرۆژەیەك بکەن هەزار جاربیدەنەوە بەروی خەڵك دا لەتەلەفزیۆنەکاندالەرادیۆ لەرۆژنامەخاڵیەکانتان لەبەرنامەبێبەرنامەکانتان باسی پرۆژە کانی ئاورێگاوبان و خستەخانەو کارەسەقەتەکانتان بکەن ئەی مەگەرئیشی ئێوە چی یە خۆ ئێوە کۆمپانیانین تاك و ریکلام بۆ کارەسەقەتەکانتان بکەن خۆ ئێوە خێرمان پێناکەن تاك و پیبزانین ئەوە خۆینی ئەم میلەتەیە ئەوەدەماری ئەم میلەتەیە ئەوە شوینی ئەم میلەتەیە کەدەبیت ئەرکی خۆتان جێبەجی بکەن،

لەروی ژیان وگوزەران و سەیارەو خانوەو موچەوە هیچتان لەولاتانی دنیاکەمتر نیە دبێت کاربکەن بۆ ئەمیلەتە هەموو (ئەردەن) بەئەندازەی سلێمانی یان هەولێربەتەنیا پارەی تێدانیە هەمووکوردستان بەئەندازەی قەزایەکی (سین) نابیت ئەم هەموو گرفتانە چین ئەم هەموو بروبیانوە بێبەرنامەو هیچانە چین ئەوەتەنیا خۆتان دەخەنەوە درۆ ئەوەتەنیا خۆتان هەڵدەخەلەتینن ئەوەتەنیا فێل لەخۆتان دەکەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئێوە باش دەبینین لەوانەیە کەسانیکی ماستاوچی ودرۆزن و پارەپەرست لەدەورتاندا پیاتان هەڵبدەن و وەسفی کارە سەقەتەکانتان بکەن بەلام دلنیابن میلەت باشتان دەبینیت باش دەتان ناسێت دەزانین کامتان کاردەکات و کامتان بێکارەو کامتان بێپرۆژە و کامتان درۆدەکات و کامتان ڕاست دەکات، تکاتان لێدەکەین ئێوە زۆرتان لەبەردەستدایە زۆربەی گیروگرفتەکان بەبریار چارەسەردەکرێن خەڵکی گەندەل و مەشەخۆرو نیشتمان فرۆش بەکەڵکتان نایەت سەردەمی ماستاو کردن و سەردەمی تەزکیەی حیزبی سەردەمی پیاوی چاکە، کۆتای هاتوە،

ئەم ولاتەئەوەندەخەلکی باشی تیاماوە کەگۆی لێبگیرێت وە پرۆژەی باشی بدرێتی بەسەگیرفان پرکردن بەسە قسەی بێمانا بەسە دروست کردنی دەزگای خەسێنەر بەسە واستەو بەرتیل خنکاندنی گەنجەکان و پەرتەوازەی و کاری بێبەرنامە بەسە تاوان بارکردنی گەنج وهەرۆژەو بەمەبەستیك تاوانباری بکەن رۆژێك بە بێبەرنامەو رۆژێك بەخارج و رۆژێك بە پەرتەوازەی.

دەبیت ئەوەباش بزانن هەرچی بیت بەسەرئەم میلەتەدا هەمووی خەتای ئێوەیە مێژوو تەنیا ناوی ئێوە دەزانیت ئێمەناناسێت ئێمە خۆشبەختانە بێناوین. لەناومێژوودا تەنیارۆژگار حساب لەگەل ئێوەدەکات، یان ئەوەتانی دەبێت ئیشبکەن یان ئێوەش چارەنوستان وەکو هەموودەسەلاتە ناعەدالەتەکان لەناودەچێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.